# چاک لە سوێد، مەزنترین دەسکەوتی مێژوویی بۆ دۆزی ئەنفال و گەلی کورد دەستەبەر دەکات

**دوای هەوڵ و کۆششی یەک ساڵەی کۆمیتەی سوێدی ڕێکخراوی چاک، بۆ ناساندنی دۆزی ئەنفال وەکو جینۆساید، توانرا دەنگی زۆربەی پارتەکانی ناو پەرلەمانی سوێدی بۆ ناساندنی پرۆسەی ئەنفال وەکو جینۆساید دەستەبەر بکرێت و لەلایەن خودی ئەو پارتانەوە بکرێتە پێشنیارێکی مێژووی و بە دەنگی زۆربە بخرێتە بەردەم پەرلەمانی سوێدی، تاکو کۆمەڵکوژی کورد لەلایەن دەوڵەتی عەرەبی عێراقەوە، لە ئاست جیهان بێتە ناسین و شێوەی لە ناوبردنی جولەکەکان وەرگرێت و ڕێگەی ئەو جۆرە کارەساتانە بە سەر گەلی کوردا دوبارە نەبێتەوە .**

## پێنج پارتی سەرەکی سوێدی پێشنیاریان بۆ پەرلەمان کردووە کە دەبێت کاربکرێت بۆ ناساندنی پرۆسەی ئەنفال وەکو جینۆساید

**وەرگێڕانی لەسوێدیەوە: ئاسۆ بیارەیی**
**ئەندامی چاک /سوێد**

**1– پێشنیار بۆ پەرلەمان بەشی بریاردان**
پێنج پارتی سوێدی لە ڕێکەوتی 8–10–2007 پێشنیاریان کردووە کە دەبێت پەرلمانی سوێد کاربکات بۆ ناساندنی پرۆسەی ئەنفال وەکو جینوساید کە لایەن عیراقەوە دژی کوردەکان ساڵانی 1980کراوە.

**2–پێشینەیەکی مێژوویی**
گەلی کورد ئیمرۆ لە عێراق، تورکیا، ئێران و سوریا سەدان ساڵە لە لایەن عوسمانیەکان، لە ژێر دەسەلاتی کۆلۆنیالیستە ئەورروپیەکان و ڕژێمەکانی ئێستا دووچاری چەوسانەوە دەبێتەوە. هەروەها لەم خاڵەدا یاکوب یوهانسن پارتی چەپی سوێدی، بەشێوەیەکی تێر و تەسل باسی مێژووی کوردی کردووە لە و وولاتانەی گەلی کوردی بەسەردا دابەشکراوە.

3– **لەم خاڵەشدا بە شێوەیەکی زانستیانە** لەبەر ڕۆشنایی دادگای نۆرم بۆرگی ساڵی 1945 و پەیماننامەی نێودەوڵەتی یوئێن، کۆکوژیّ کورد وەکو جینۆساید پێناسە کراوە. بۆیە لە بەر ڕۆشنایی خاڵبەندی ئەو دوو

ڕێکەوتننامەیە، ئەم پێنج پارتە(پارتی چەپی سوێد(یاکوب یۆهانسن)، پارتی سۆشیال دیموکرات سوێد( مۆرگان یۆهانسون)، پارتی ژینگە( بودێل کابلوس)، پارتی جەماوەر( فرێدرێک ماڵم) و پارتی دیمکراتی کریستیان( ڕوسیتا ڕونە گروند) پێشنیاری خۆیان بەم جۆرەی خوارەوە خستوەتە بەر ئۆراگانی بڕیاردانی پەرلەمانی سوێد:

دەبێت ڕون ئاشکرا بێت بەپێی خاڵ بەندی ئەو ڕێکەوتننامانەی سەرەوە لە پێناسەی جینۆسایدا، کە پرۆسەی ئەنفال و مەبەستەکانی یەک دەگرنەوە کە ڕژێمی عێراق پراکتیزەی کرد. مەبەستی پرۆسەی ئەنفال ئەوە بوو کە ژمارەیەکی زۆری کوردی پێ لە ناوببرێت کە لە و ناوچانەی کە قەدەغەکرابوون، بەداخەوە ئەو ڕژێمە توانی ژمارەیەکی یەکجار کورد لە ناو بەرێت، مەبەستی لە ناوبردنی نەتەوەیەکی دیاری کراو بوو.
ئێمە پێمان وایە پەرلەمانی سوێدی دەبێت بە ئاوایکی ڕەوشتانە و مۆراڵ، مەسەلەی ناساندنی ئەنفال وەکو جینوساید بناسێت کە دژی گەلی کورد ئەنجام درا. ئەو جۆرە ناساندنە پێویستە بۆ پیرۆزڕاگرتنی گیانی قوربانیان و کەس و کاریان و جارێکی دی لە مێژوودا هەرگیز کارەساتی وا دووبارە نەبێتەوە. پێویستە پەرلەمان ڕوانگەی خۆی لەبارەی (ناساندنی ئەنفال وەکو جینۆساید) بدات بە میری(حکومەت) بۆ ئەوەی پێناسەی تەواوی بداتێ.

ستوکهۆڵم ڕێکەوتی 27-9-2007

**(پارتی چەپی سوێد(یاکوب یۆهانسن)**
**پارتی سۆشیال دیموکرات سوێد( مۆرگان یۆهانسون)**
**پارتی ژینگە( بودێل کابلوس)**
**پارتی جەماوەر( فرێدرێک ماڵم**
**پارتی دیمکراتی کریستیان( ڕوسیتا ڕونە گروند)**

**ناوەندی چاک**
2007-10-09
www.chak.be
chak_org@yahoo.com

تکایە جگە لەم ئێمەیل و ماڵپەرە هیچ ئادرەس و ماڵپەرێکی ترمان نیە

## شایەنی باسە دەقی هەواڵەکە لەماڵپەری پەرلەمانی سوێدەوە وەرگیراوە

http://www.riksdagen.se/Webbnav/index.aspx?nid=410&dok_id=GV02U300&rm=2007/08&bet=U300

**بۆ زانیاری  لەسەر خەباتی یەک ساڵەی چاک /سوێد  سەیری ئەم لینکانەی خوارەوە بکەن ,کەبەشێک بووە  لە کارو چالاکیەکانی  .**

http://www.kurdistanan.net/index.php?mod=article&cat=cihan&article=4901

http://www.kurdistannet.biz/2006/12-2006/24-12/alisa.pdf

http://www.knewsdaily.org/Direje_koment.aspx?Babet=Hewal&Jimare=1081

http://www.klawrojna.com/index.php?option=com_content&task=view&id=4755

http://www.dengekan.com/doc/2006/10/chak23.pdf